# سۆفیزم لەشیعرەکانی مەلای جەباری دا

**پ.د. محمد احمد سعید (کەساس جەباری)**

**زانکۆی سلیمانی**

**سکولی زمان**

**بەشی کوردی**

**پێشەکی**

سۆفێتی لای مەلای جەباری ناونیشانی تۆژینەوەکەیە،وەسفی وشیکارییە،هۆکاری هەڵبژاردنی ئەگەڕێتەوەبۆئەوەی مەلای جەباری خەڵکی ناوچەی دیالێکتی کرمانجی خوارووەوشیعرەکانی بەهەورامی وتوە،هەروەهاتەسەووف وعیرفان وەک دوودیاردەی بەرچاولەکوردستاندا بەتایبەتی هەردووڕێبازی نەقشی وقادری لەسنووری سلێمانیدا برەویان هەبووە،کەچی مەلای جەباری لەوناوچەیەی گەرمیانەوە بەشیعرەکانی کۆمەڵێ هێماوئاماژەی بۆئەودوودیاردیە کردووەئەمەش ئەوەئەسەلمێنێ کەوەک شاعیرێک وخواناسێک هەوڵی داوە ئەوبیروبۆچوونە سۆفێتی وعیرفانییە لەشیعرەکانیدا ڕەنک پێ بداتەوە.

تۆژینەوەکەش لەدووتەوەر پێکهاتووە:

لەتەوەری یەکەمدا کورتەیەک لەژیان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی باس کراوە،هەروەها هۆکاری شیعر وتنی بە بەدیالێکتی گۆران

لەتەوەری دووەمیشدا تیشک خراوەتە سەر ئەوتێکستانەی کەدەربڕی بابەتی سۆفێتی وعیرفانین....



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- **تەوەری یەکەم**

مەلای جەباری یەکێکە لەوشاعیرانەی سەدەی نۆزدەهەم کەشیعرەکانی بەدیالێکتی گۆران بەشەهەورامییەکەی هۆنیوەتەوە وهاوچەرخی مەولەوی شاعیربووە،ناوی فەتاحەوکوڕی سەییدمستەفای سەییدئیسماعیلی سەییدجانییە،لەگوندی بانگۆلی سەربەناحیەی قادرکەرەم کەرکوک لەسالی ١٨٠٦ز هاتووەتە دونیاوە،هەرلەوی بەفەقییەتی لای مەلارۆستەم خوێندویەتی دوواتر لەکەرکوک ئەگیرسێتەوە،لەمزگەوتی نایب ئۆغلوماوەیەک ئەخوێنێ پاشان ئەچێتەسلیمانی،دواتر بۆشارەکانی هەولێر ورەواندوزوشنۆ ،دوای تەواوکردنی هەندێ خوێندنی ئاینی ولۆجیکی منتیق ئەگەریتەوە بۆ شوێنەزاکوی،ئێدی دوای مردنی باوکی دەست لەخوێندن هەلئەگرێ وبەکاروباری خێزانەکەیەوە خەریک ئەبێ، لەوسوەردەمەدا کۆمەڵێ ململانێی نێوان عەشیرەتەکەی وخێڵەکان سەرهەئێەدەن،لەنێوان جەباری وخێلەکانی تردا،لەلایەن دەولەتی عوسوانییەوە ناوچەکەیان لی ئەسەنرێتەوە،بەناچاری بۆوەرگرتنەوەی موڵکەکەیان سەردانی ئەستانبول ئەکات ئەوەش لەساڵی ١٨٤٢زبوو کۆتایی بەململانێکان ئەهینێ.

مەلا وێڕای نەبوونی خویندەوارییەکی ئەوتۆ زۆر ورياو کۆمەڵایەتی بوو، بەهۆی کەسییەتیەکەیەوە زۆرێک لەتەنگژەوگرفتەکانی دەوروبەری چارەسەر کردووە ،دۆستایەتییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ئەدەبدۆستان وشاعیران وکەسایەتییەکانی ئەوقۆناغەدا هەبووە،وەک مەولەوی وشەریف چەلەوی هەمەوەند ومەحمودپاشای جاف(١)

مەلای جەباری لەساڵی ١٨٧٦ لەگوندی تاوێربەرزکۆچی دووایی ئەکات تەرمەکەی ئەبەنەوە بۆشوێنەزاکەی بانگۆل لەوێ بەخاک ئەسپیررێ

ئەوەی دیاروئاشکرایە ئەوسەردەمەی مەلای جەباری لەکوردستاندا قۆناغی بووژانەوەی شیعری سەردەمی نالی وهاوڕێکانی بووەکەبەدیالێکتی کرمانجی خواروو بەشەسلیمانییکەی بووە.... دواتر وەک قوتابخانەی شیعریی نالی وسالم وکوردی ناسراولەبرەودابوو.هاوکات لەگەڵ بووژانەوەی ئەوقوتابخانەشیعرییەدا مەلای جەباری هەر بەدیالێکتی گۆران هەورامی شیعری وتووە. ئەوەش بۆکۆمەلی فاکتەر ئەگەڕێتەوە وەک

١-دیالێکتی گۆران هەورامییەکەی زمانی ئەدەبی حوکمڕانی میرنشینی ئەردەڵان بووەوکایگەرییەکی تەواوی لەسەر زمان وئاخاوتن وئەدەبی بەجێ هێشتووە.

٢-دایکی مەلای جەباری لەخێڵی زەنگنە بووە زمانی ئاخاوتنی زەنگنەش گۆران بووە ...................

٣-دیالێکتی گۆران-هەورامی خاوەنی تایبەتمەندی ئاوازو ئیقاعێکی گونجاووبووە،کەلەگەڵ وەسفی سروشت وبابەتی لیریکیداگونجاوبووە

ئەمانەوهەندێ هۆکاری تری وەک بەهێزی بەشەهەورامییەکە وایان کردووە نەک هەر مەلا بەڵکو کۆمەلێ شاعیری تریش وەک مەولەوی وفەقێ قادری هەمەوەند وغەمناک قەیتولی کەشیعر بەهەورامی بهۆننەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شیعر وتنی مەلا بەهەورامی ولاینەسۆفیگەری وعیرفانییکەی وای لەمەولەوی کردووە کەسەردانی بکات وبەیەکتر ئاشنابن.
ئەوشیعرە سۆفیانەی مەولەوی ووەڵامەکەی مەلای جەباری بەڵگەی سۆفیتی بوونیانە مەولەوی لەتێکستێکی بیسارانییەوە ئەڵێ :

شەوەن خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن
ئالەم گرد وتەن دوس خەبەردارەن

وەڵامی مەلاش بەم جۆرەیە بۆمەولەوی:

ئیرادەم ئێدەن وەی کەڵپوسەوە
شەوناڵین وەشەن وەلای دوسەوە

سەربوردەی ئەم شیعر بۆیەکترخوێندنەوە بۆئەوەئەگەڕێتەوە کاتێ مەولەوی نێوبانگی مەلا ئەبیسی ئەچی بۆ سەردانی لەگوندی تاوێربەرز شەودرەنگانێ ئەبێ ئەکات مالی مەلاو هاومالانی رەشمالنشین ئەبن مەولەوی بۆدۆزینیەوەی مالی مەلا ئەو شیعرئەخوینیتەوە مەلاش بەشیعرێکی خۆی وەڵامی ئەداتەوە ئیتر بەیەکترشاد ئەبن وتابەیانی بەباسی ئاینی و شیعرخوێدنەوەوەسەرقاڵ ئەبن ،عەلائەدینی سەجادی لەمێژووی ئەدەبی کوردی داو مەلا عەبدولکەیمی مودەریس لە دیوانی مەولەوی دا ئەم سەردانەی مەولەوی بۆلای شێخ عەبدولرەحمانی خالسی تالەبانی داوەتەقەڵەم ئێمەش بەکۆمەڵی بەڵگەوە لەرۆژنامەی ژینی ژمارە١٥٢و١٥٣ی کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ شوباتی١٩٧٤ وەڵامم داونەتەوە

**تەوەری دووەم**

سۆفیتی بەوپێیەی(بریتیە لەشارەزابوون لەراستییەکان ،باوەڕوئیمان وقورئان ولەرێگەی سلوک ونهێنی سلوکەوە لەژێرسێبەری میعراجدا دەرئەکەوێ لەژێربەیداغی خوادا تا گەیشتن بەدۆخێکی ویژدانی تەواوی ئەوتۆ کەلەشهودو بینینی تەواودابچێت واتە تەسەووف نهێنییەکی مرۆڤایەتی زۆربەرزو بالایە مرۆڤ ئەگەیەنێتە پلەی بەرزی تەواو وکامڵ لەخودناسیدا)(٤)،هەربەوپێیەی کەبنەماکانی تەسەووف وەک پاکبوونەوەی دەروون، رووەوگەیشتن بەخواو،پابەندبوون بەهەژاریی وخۆبەکەمزانین ودوورکەوتنەوە لەکاروکردەوە ناشیرینەکان وهۆگر بوونی دڵ لەبەزەیی وخۆشەویستی وخۆبەستنەوە بەرەوشتی جوان وگوفتارەکانی خواو پیغەمبەر دخ(٥) ئەبینین بەشێکی ئەم بنەمایانە لەشیعرەکانی مەلای جەباریدا بەدیی ئەکرێن وەک:

سۆفی زادە بیم تۆبە کەردە بیم
بەدەن چاکێ بیم ئیمان هەردەبیم (٨)
لیرەدا وەک سۆفیەک وسۆفی زادەیەک خۆی نیشا ن ئەدا ................یان



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کودی وکەلپوسی وەهەم هاوردم
من شێخ سەنعان بیم ئەزم حەج کەردم
بەشەوعیبادەت وەرۆ رەفتەی را
یاهویا مەنهوم پەی خانەی خودا (٧)

لەم چەند تێکستەدا ئەوە روون ئەبێتەوەکە لەودەقە لیریکی وعیرفاانییەدا مەلاخۆی چواندووە بەشێخی سەنعان،ئەورووداوەش لە نێو کوردەواریدا باس وخوازیکی ئایینی وسۆفیانەیە لەتێکستە شیعریی وبابەتە چیرۆکییەکاندا رەنگی داوەتەوە،مەلالە ئەوپەڕی پەرستن وسۆفییەتیەوە بەرەوخۆشەویست وشەیدابوونی تەواو ئەڕوا.کەواتە عیشق وخۆشەویستی تێکەڵ بەتەسەووفن،ئەمەش دیاردەیەکی تری نێو ئەدەبیاتی کوردییە.
سۆفییەتی لەبەراییەکانیدا وەک ریازیاتی دەروونی وهەوڵ وکۆششی سروشت وشکاندنی خدە شەهوانییەکانی دەروون وئازاردانی جەستە لەپیناو پاکبوونەوەی گیان دایە(٨)
لەنێوتێکستەشیعرییەکانی مەلای جەباریداو لەوەسفی بەهاردا لایەنەعیرفانیی وسۆفییانەکەی فرامۆش نەکردووە سەرزەمین وبەهاری بەدەسکردی خودا ئەزانێ ،چۆتە نێو ئەفراندنە خوداییەکانەوە،تیایدا ئاماژە بەهەندێ لەکەرەسەکانی تەسەووفی وەک صەبو،قەرقەف،مەی ............تاد ئەکات وەک کارونزاو پاڕانەوە هەروەها دەنگە موسیقییەکانی وەک زیل وبەم ودائیرەودەف.

وەقت نۆشاونۆش صەبوی قەرقەفەن
دەنگ زیل وبەم دائیرەودەفەن

مەی وجیلوەوخەم وخۆشەویستی وموحیبەت.

مەیەن مەعشوقەن مۆبەتەن مەیلەن
خەمان لەبرێزەن پیاڵان کەیلەن

جیلوەی جوانییەکانی خودا.

شەڕەن شۆڕشەن غەوغان غریوەن
مەرجیلوەی جەمال دڵان فریوەن
نەگشت دیاری تەجەللای تورەن
فیتنەی گیرودار قەتل مەنسورەن
فەنافیللاهان مەست دڵ ئەفگا
بێباک مەواچان انی انا الله (ل،٣٦و٣٧و٣٨و٣٩ دیوانی مەلای جەباری.

ئاماژە کردنە بەفەرمودەکەی مەنسوری حەللاج وتوانەوەلە زاتی خوادا.دواتربادانەوەبەلای مەیگێڕدا


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەی ساقی دەخیل من وەی زامەوە

ئیلتفاتێ کەر،بۆوەلامەوە

عیلاجێ پێمدەروەسودمەندم بۆ

باعیس حەیات بەخش قەیدبەندم بۆ(ل٣٧)

ئەپاڕێتەوەوداوا ئەکا تا لەم گیروداوەی ئەم دونیای فەنایە بەرەو دونیا هەتاهەتاییەکەی بباتەوە هەر بەوپێیەی قۆناغی تەمەنی بەرەو ئاواوابوون ئەڕوات وئەڵێ:

ڕستگارم بکە نەی بەندودامە

قەدەم ڕەنجانکەر وەعدەم تەمامە(٩)دیوان ل٣٧و٣٨

هەرلەناواخنی پاڕانەوەکەیدا وەک هەر بنەمایەکی سۆفیانە ئاوردانەوە لەمۆسیقاو وابەستەکردنی بەسروشتەوە ،بانگ لەموتریب،ئاوازخوان ئەکات کەبەخۆی وکەرەسەمۆسیقاکەیەوە ئاوازیک بچڕێ بەچەنگ وسەنتوروقانونەکەی وسازی ئەرغەنونەکەی تاسەرمەستی بکات وئەڵێت:

موتریب تۆش وەچەنگ دڵنەوازەوە

وەوسۆزسەمتوورسەدای سازەوە

وەو مۆزیقەی مەشق سەدقانونەوە

دەم وەسەدای ساز ئەرغەنونەوە

مەرباچان مەلایش نەهەستی ویش ڕەست

بی وەکاسەلێس مەستان ئەلەست (١٠) دیوانەکەیل٢٨و٢٩

ئەوەتانی ئاماژە بەوئایەتەی قورئان الست بربکم ئەکات،ئەوەش خۆی لەخۆیدا قووڵبوونەوەیەکی دیاری لایەنەعیرفانیی وسۆفییەتیەکەی مەلای جەبارییە .کەخۆی ئەکا بەکاسەلێسی ومەستی ئەلەست.

یەکێکی تر لە سۆفیتی سیفەتەکانی خودا ناسیی عیشق وخۆشەویستییە،کەباڵاترین خواناسییەوگرنگترین دۆخیشیتی،بەیەکێ لەبنەما گرنگەکانی کۆشکی سۆفیگەریی ئەژمێرری، عیشقیش یەکێکە لەودۆخانەوبەهرەیکی خوداییە نەک هی مرۆڤ سەرهەڵدان ورۆشنایی ورووناکی بەتیشکی خۆشەویستی کەهی ئاسمانەکانە،هەربوونەوەریکیش بیەوێ ڕاستی خامۆش بکا،ئەواقەتاوقەت ناتوانێلەبەرامبەروئامبازیدا ڕاوەستێ(١١)

هەرلەورەوانگەیەوەمەلای جەباری کۆمەڵێ تێکستی هەیە ئەگەر چی بەرواڵەت بۆخۆشەویستی یا دڵدار وتوونی یابۆ یەکێکی تر وەک سکالانامەیەک نووسیویتی بۆ وەی فریای بکەوێ وبەخۆشەویستەکەی بگەیەنێ،کەکۆمەڵێ ئاماژەی سۆفیانەی لەخۆگرتوون لەناواخنی ئەودۆخە لیریکییەوە بەرەوعەشقی حەقیقی وخودایی ڕۆیشتووە،کەلەوەپیش نموونەمان بۆهێناوەتەوە،چ لەوەسفی بەهاردا،کەلەسروشتەوە بۆخۆشەویستیە مەجازییەکەی لەوێوەبۆ عەشقی ڕاستەقینەیی خودایی وخۆکردنە کاسەلێسی ڕۆژی ئەلەستی فەرمودەی خودایی،کەلەڕۆژی حەشردا بەنەفی پێیان ئەڵێ الست ومن ربکم.وەڵامی بەبەڵێ ئەدا پشت کردنە



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەخوداو هەڵبژاردنی سزاودۆزەخ بەنەخێریش پاداشت وبەرەو فیردەوس وبەهەشتە،مەلای جەباریش لەویَ وە مەستی بادەی ئەو ئەلەستەیە.

لەشیعری شای شیرین دەستوردا،جوانی خۆشەویستەکەی و وەسفی ئەندامانی جەستەی بۆئەوتوانا خوداییە ئەگێڕێتەوەوهەموو

جەستەی بەئەفراندنی خواوە وابەستە کردووە.بەوکەرەسانە ئەیانشوبهێنێ:وەک باڵابەئەلفی قودرەتی قادر،دەم بە فنجانەی کارخانەی فەرفووڕپڕلەشەرابی پاکی خودایی،کەهەمووئەمانە گیان بەلەشیدا ئەهێنێـەوە،ئاماژە بە زیندووبوونەوە ئەکات

شای شیرین دەستور،شای شیرین دەستور

دیدەش سیاکەرد وەسورمەی کۆی توور

قەوس ئەلفەکەی کەشیدەی قودرەت

مەگەردەست قودرەت کیشاوی ئەوخەت(١٢)دیوان ل٤٠

لەشیعری نەو وەهاردا دیمەن وکەرەسەکانی سروشت ئەهێنێتەوە نێو تەختەی بیروهۆشی وبەشێوەیەکی رازاوە رەنگیان پێ ئەداتەوە بەیەک گەیشتنی دڵداران ودەنگ وئاوازی باڵندەکان وهێنانی کەرەسە مۆسیقییەکان تێکەڵ وئاویتەبە یەکترییان ئەکات وهێنانەوەی کۆمەڵێ بیرەوەریی ژیانی مرۆڤایەتی وسروشت وئاماژەبە کۆمەڵێ رووداووچیرۆکی وەک:شیرین وفەرهادولەیلاومەجنون ئەمانەوئەوسیماجوان وکراوەییەی بەهاری نویَ ،کەهەموودەشت ودەری سەوز وگوڵڕەنگ کردووە

وێنەودیمەنێکی جوانی ئەفراندنە خوداییەکانمان بۆئەخاتەروو وئەوجار بەسەرهاتی خۆشەویستی نێوان خوداو موسامان پێ رائەگەیەنی،کەهەمیشە لەبیروهۆشی بینینی خودابوو دۆست نەبەهانەی دلستانی بۆ

(لاقەید)نەجواب( لن ترانی) بۆ (١٣) دیوان ل ٧١

کەئاماژەیەبە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز

بێگومان ئەمەش ئەوەئەگەیەنیَ کەمەلای جەباری تەواوهۆگری لایەنەعیرفانیە ئیسلامیەکە بووە.هاتووەلە

وەسفی تەواوی بەهاردا ژوان وخۆشەویستی دڵداران ودەنگە سروشتی ومۆسیقییەکان وتێکەڵکردنیان واتە وابەستەکردنی بەرووداویکی ئایینی عیرفانی، گەڕانە بەدوای بینینی خودادا لەلایەن پیغەمبەرموساوە......جۆرە لێکچواندنیکی جوانی

خوڵقاندووە .

ئەوجار دەرخستنی حاڵەت ودۆخی خۆی ومانەوەی لەو دونیا تاریک ونوتەکەدا،کەلای سۆفیان بە دونیای فانی هاتووە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

واتە دونیایەکی بێ رووناکی لەبەرانبەر دونیایەکی باقی دوارۆژ قیامەتی روون ورووناکایی خودایی وئاواتەخوازی شادبوونەوەیەتی بەخۆشەویستەهەتاهەتاییەکەی کەخوداو ئەودونیایەی قیامەتە.کەشادبوون بەمەرگە.

مەرمەلایش نیشۆشەونەدەیجورا
نەتیرەی تاریک سیای بی نوورا
ئەرستارەش بێ نەواو بەرگ بۆ
وەدین دڵداروێت شاد مەرگ بۆ (۱۳)دیوان ل۷۱

هەروەها لەچامەیەکی شیعریی دا کەفارسیە هەرخودی مەلالەسکاڵانامەیەکیدا لەدەست گەردون ،کەبەگورگی پیری چواندووە

،هەروەها لە دەست حاکمان ودەسەڵاتداران لە وڵاتی عیراق بۆسوڵتانی عوسمانی سوڵتان مەجید بەرز ئەکاتەوە ،بەم شێوەیە باس لەخۆی ئەکات کەخواناس وپیشنویژی مزگەوت وسۆفیی وزاهیدی پەرستگایە.

من کە مصەلای مسلمان بودم
مسجد خانەئ یزدان بودم
معبدەئ صۆفی وزاهدبودم
موعظە واعظ وعابدبودم ١٤(دیوان ل٨٠)

پاشان باس لەو دۆخە ئەکات کەئەوانەی دەوروبەری لەکاکەیی وفەڵەوخەڵکی ناموسوڵمانن ئەوەندە بایەخ بەمزگەوت نادەن بۆیەسکاڵاکەی بەرەورووی موتەسەریفی شارەزوورکەرکوکی ئەو وەختە ئەکاتەوە ،کە ڕاوتەدبیرێکی بۆبکات لەوێشدا ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە کەرکوک پایتەختی شارەزوور بووە موتەسەریفی هەبووە یاولایەتی شارەزووربووە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

(١)دیوانی مەلی جەباری،جەبارجەباری،١٩٦٨،پێشەکیی دیوانی مەلافەتاحی جەبلری هەردەوووڵ کاکەیی
(٢)کەرکوک وبزاڤی شیعری کوردی  نامەی دکتۆرادمحمد احمد سعید،٢٠٠١
(٣)دیوانی مەلای جەباری.جەارجەباری،ل٣١
(٤)انوار الحقیقه ،مبرزاسەعیدی نورسی بدیع الزمان،جیهادی ئەهلی حەق،تەسەووف،شێخ حسین خالد موفتی،١٩٩٧،ل٤٩
(٥)الصوفیه والتصوف،شێخ عدنان خضرومحمدکریم راجح ،ط٢،بلاسنه
(٦)دیوانی مەلای جەباری،هەردەوێڵ کاکەیی،ل٣١
(٧) هەرئەوسەرچاوەیە،هەرئەولاپەڕەیە
(٨)الالصوفیةنشاتهاوتطورها،دمحمدعبدةوطارق عبدالحایم،مصر،قاهرة،٢٠٠٦
(٩)ديواني مەلای جەباری،ل٢٧و٣٨
(١٠)هەرئەوسەرچاوەیەل٢٨و٢٩
(١١)تاريخ التصوف الاسلامي،غني قاسم ،ترجمة عن الفارسية،صادق نشات،القاهرة،١٩٧٢،ل٤٦٧
(١٢)دیوانی مەلای جەباری،ل٧١
(١٣)هەرئەوسەرچاوەیە ل٧١
(٤١)هەرئەوسەرچاوەیەل٨٠



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

_مەلای جەباری ئەگەرچی ئاخاوتن وناوچەکەی وشوێنەزاکەی کرمانجی خوارووە،بەڵام زمانەشیعرییەکەی گۆران هەورامییە.

_پەیوەندی لە گەڵ شاعیران وزانایان وپیاوماقولانی کوردستان پەیوەندییەکی رۆشنبیریی وکۆمەڵایەتی بووە

_لەوقۆناغ وسەردەمەیدا دیاردەی تەسەووف وعیرفان لەسنووری کرمانجی خوارووودا لەپەروسەندابووە،بەتایبەتی هەردووریبازی نەقشی وقادری،ئەم لەدەقەشیعرییەکانیدا کۆمەڵێ هێماوسیمای سۆفێتی وعیرفانیان تیا بەدیی ئەکرێ،ئەتوانین بڵێین بەماوەیەکی کەم پێش بڵاوبوونەوەی ئەودووریبازە ئەمدیاردەیەلای مەلا بوونی هەبووە

_لەدەقەشیعرییە ولیریکیی وسروشتییەکانیدا نموونەی سۆفیانەوعیرفانییان هەڵگرتووە،بەتایبەتی لەنامەشیعرییەکانی و وەسفی بەهارو سکاڵانامەکانیدا.

## ملخص البحث

## صوفية الملا الجباري

البحث بهذاالعنوان بحث تحليلي ووصفي،وسبب اختياري لهذاالموضوع ان ملاالجباري في وقت كان من اهالي المنطقةالناطقة باللهجة الكرمانجية الجنوبية في كركوك وحواليها فقد نظم اشعارة بللهجة الهورامانية(گورانية)،ويعودالسبب في ذلك الي توسع اتباع الطريقتين القادرية والنقشبندية في السليمانيةواطرافها،ومن ثم استخدام اللهجة الهورامية في مناطق گرميان بشكل ملحوظ،لقداستخدم الملاالجباري مجموعة من الرموزوالاشارات الصوفية في اشعاره والتى تعكس مبادئ الصوفية والعرفان.

امانطاق البحث يتكون من محورين:

المحور الاول تناولت فية نبذة عن حياتة وعلاقاته الاجتماعيةوالثقافية واسباب نظمةالشعر باللهجه الهورامية رغم كونهمن الناطقين باللهجة الكرمانجية الجنوبية.

المحورالثاني سلطنا الضوء على تلك النصوص الشعرية تتضمن الافكاروالمبادئ التصوفية والتي تحتوي على اشارات ورموزتصوفيةوعرفانية،وفي بحثي هذا اعتمد على عددمن المصادر الموثوقة باللغتين العربية والكوردية.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# Abstract

This research entitled sophism in Mula Jabbari's poetry is a descriptive and analytic. The reason behind choosing this topic is due to the fact that he was from the area using Southern Kuramniji dialect whereas his poems were written in Gorani dialect. Both mysticism and Sophism were two prominent trends in Kurdistan, especially Naqishbendi and Qadritenets in Sulaimani area. Though he was from Garmiyan, he wrote his poetry in Goranidialect referring to sophism. This proves that he, as a poet and religious man, tried to reflect this perspective in his poetry. The research is divided into two parts: the first is dedicated to the poet's biography and his social activities as well as the reason behind writing his poetry in Goran's dialect.

The second part sheds light on those texts expressing sophism and mysticism.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)